# بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی لەسەر کارەکەی لابرا

بابەت : هیچ

کات : سەعات نۆی سەرلەبەیانی ,ڕۆژی ( ******* ) یەك شەمە

شوێن ژوری بەڕێز بەڕێوبەری ( ----- )

دیمەنی یەکەم :

بەڕێز بەڕێوبەر وەك هەموو ڕۆژێك , بەیانی لەخەو ڕابوو, سواری ترومبێلە تایبەتەکەی بوو , بەشوفێرەکەی وت بەیانیت باش , بەیانیت باش , قوربان ,هاتە دائیرە بەیانی باشی لەهەندێك لەکارمەندان کردو , ڕاستەوخۆ بۆ ژوورەکەی خۆی . تاگەیشتەسەر کوسیە سوڕاوەکەی ,بەهێمنی لەسەر خۆ دانیشت .

بەلێوێکی خەندانەوە بەبێ ئەوەی بزانێت پاش کەمێکی تر چی ڕوودەدات , بەبێ بیرکردنەوە بەسەر مێزەکەیدا شۆڕببووەوە , بەهێمنی مایەوە , تەق تەق , فەرموو , سکرتێرەکەی هات و پۆستێکی لەسەر مێزەکی دانا ,نەی زانی چارەنوسی هەردوکیان لەم زەرفەدایە .

بۆ برێز بەڕێوبەری ( ----- )

ناوزەرفەکە :

بۆ برێز بەڕێوبەری ( ----- ) سڵاو

تکایە سەعات ( 10 ) کۆبۆنەوەمان هەیە جەنابت ئامادە بە لەگەڵ ئە نجومەنی وەزارەت .

ئیمزا نوسینگەی بەڕێوبەری گشتی

ئاساییە ,کۆبونەوە ,ئەی چی , بەڵام ئەوەی نائاسایی بوو ئەوەبوو کەبۆدواجار نەهاتەوە سەرکرسیەکەی , وە لەوحەی ناساندنی سەرمێزەکەش گۆڕا . هەر ئەوەندە بۆ کەمە ,ئەی چی , بەڵام من لەم ئەیچیەی تۆ تێناگەم

بەم شێوەیە برێز بەڕێوبەری ( ----- ) لابرا

دیمەنی دووەم :

بڕیاری کارگێڕی

بە پێی ئەودەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بڕیارماندا بەڕێز ( * ) لەسەرکارەکەی بگوێزینەوە بۆ( ؟ ) لەگەڵ سەرف کردنی موچی ساڵێك, وەکرێز لێنان , وەدانانی بەڕێز( ** )لەشوێنی وەك بەڕێوبەری ( ---- )

ئیمزا بەڕێوبەری دەسەڵات پێدراو ب: ( ******* )

دیمەنی سێهەم :

بەڕێز ( ** ) دەستبەکار بوو , لەبەڕێوبەرایەتی ( ----- ) , لەحە ناساندنەکەش گۆڕا . بەڕێوبەر سکرتێرەو ,فەڕاش و,کەرەستەکانی کەرەحمەتی بەکاری هێنابوو , لەگەڵ سەڵلە کۆنەکەش نەکا شتی تیامابێتە ,ئەمیش بەهەمان دەرد ببات .هەموویانی گۆڕی

دیمەنی چوارەم :

هەمان دیمەنی یەکەم ,بەڵام کات جیاوازە ,کارەکتەریش بەڕێوبەری ( ** ) واتەدووەم

تێبینی شانۆییەکە لەبەینی دیمەنی یەکەم چوارەمدا بەردەوام دەبێت , بەڵام کات وکارەکتەرەکان دەگۆڕێت ......

( ---- )بەڕێوبەرایەتی

( * ) بەڕێوبەری یەکەم

( ** )بەڕێوبەری دووەم

ئەوەی بینیمان شانۆگریەکی کۆمید یە , پانزە ساڵە بەردواامە , ئەکتەرەکانی بەبێ پرۆڤە ئیشدەکەن , حیوارێك پێشکەش دەکەن ,دەچنەوە پشتی پەردە ,پاشان دەرهێنەرەکە حیوارێکی تری دەداتێ و, دێتەوە سەرشانۆ , جارێك بەبەرگی پارتیزانەوە ,جارێك بەبەرگی قارەمانی شەری ناوخۆوە ,جارێکیتر بەڕێوبەری ( ؟ ) ,جارێك نوێنەری حکومەت لە ( ؟ ) , جارێك ڕۆشنبیر ,جارێك وەفدی حکومەت بۆدەرەوەی وڵات , ڕەجل ئەعمال وخاوەن سەرمایە ,جارێك وەزیری ( ؟ ) , ئەم هەموو جارە نەبڕایەوە ؟؟؟

ئابەم شێوەیە بەڕێوبەری ئاوی سلێمانی لەسەر کارلابرا ,بەفەرمانێکی کارگێڕی , بەرێزێکی تر لەشوێنی دانرا .

بەڵام بەبێ ئەوەی بڵێن بۆچی ,لەسەر چی , لابرا . کەسیش نازانێت بۆچی لابرا ؟

ئەگەر جەنابی بەڕێوبەر ,خەبیرە لەکارەکەیدا وخاوەنی خبرەیەکی چەند ساڵەیە ,وەتواناى خزمەتی هەیە ئیتر بۆ لابرێت ؟ ئەگەر نا , گرنتی چیە ؟ ئەوەی دوای ئەویش وانەبێت ؟ ئەگەرواشنیە بۆ زوتر لانەبرا ؟ ئایە پێشتر نەدەزانرا کەچی دەکات ؟ ئایە بۆ نەزانراوە ؟ ئایە کەسێك لەکارەکانی کۆڵیوەتەوە ؟ لێی پرسراوەتەوە ؟ ئەگەر لێی پرسراوەتەوە بۆ هێلراوەتەوە ؟ ئێ ئێ. ؟!! بەلام کێ مافی ئەوەی هەیە ,کێ لاببات وەکێش دابنێت ؟؟

ئایەبەڕێوبەری تازە ؟ لەبەڕێوبەری کۆن باشترە یان بەهەمان حیوار دێتە سەر شانۆو هەمان دیمەن دەبینینەوە .؟ ئەگەر وایە ئەم شانۆیە بۆ بەردەوام بێت ؟ ئەوەندە دیمەنەکانی دووبارە بکەینەوە ؟ وەسەری بینەرەکانیش بیەشێنین ؟. بەلام خۆبینەر بێزار نەبووە ! هەر سەیر دەکات و گوێشدەگرێت , دەق , حیوار ,دیکۆر, کارەکتەر ,چی وچی ؟ ئەمانە هیچی جێگای پرسیاور نیە وگرنگ نیە .. گرنگ بۆ ئێمە هۆڵەکە پڕە وە جمەی دێت . بۆیە شانۆییەکە با هەر بەردەوام بێت ..

ئایە بەڕێوبەری ئاوی سلێمانی بەرپرسە لەنەبوونی ئاو لەشاری سلێمانیدا ؟ بەڵێ , بەدڵنیایشەوە , تاوانباریشە !. تاوان ؟ بەڵێ تاوان . ئاخر تاوان گەورەیە ؟ ئەزیزم خۆتاوان هەر تاوانە . خۆتەنها شێخ زانا تاوان بارنیە دەسەلات و ئیدارەی هەولێر ,پاش دە ساڵ تا پانزە ساڵ, تازە ڕوی جوانی خۆی دەردەخات ,تازە بەئێمەدەڵێت دە ساڵە لەسایەی مندا ئەئەمانە ڕوی داوە , تازە بەئێمە دەڵێت من لەمانە بێئاگام , تازە بەئێمەدەڵێت من لەناوەوە ڕزیوم ,بۆ گەنم کردووە, من بەرپرس نیم , من ناتوانم ئاسایش بۆ ئێوە دابین بکەم , دەڵێت من وازم دەهێنا ,بەلام ئێوە نایەڵن , چونکە ئێوە زۆر بێئیرادەن , ئیرادەی خۆتان داوە بەمن . ئەگەر بەڕێز جەنابی شێخ بەسوتفە یەکێتی بوایە هەر زوو ,دوای پانزە ڕۆژ دەمان گرت ,وەدەمان زانی خەریکی چیە ,هەروەك لەولاش دەزانن پارتی خریکی چیە ,ئیمکانی نیە یەك زەرە لێیان غافڵبن . چونکە ئەمانە (ی )و( پ ) زۆر خەتەرن لەسەر یەکتری ..

بەلام ئاخۆ کام بەرپرسی حیزبی و حکومی هەیە ,دەرونیان لەدەرونی یاشێخ نەخۆشتر نەبێت ؟ کامیان هەیە فایلی نەبێت ؟ کامیان هەیە گرفانە بەتاڵکەی شاخی پڕنەکردبێت ؟ کامیان بەهەمان کلتوری شاخ لێناخوڕێت ؟ کامیان هەیە تەنها شەوێك بە پانزە وەرە قە لەگەڵ کیژۆڵە یەك نە خەوتبێت ؟ ئەی ئەمانە تاوان نیە ؟ ئەمانە تاوان بارنین ؟ لەهەموو ئەمانەش تاوان بارتر ئێمەین , چونکە بێدەنگین ( **السکوت من الرظا** )

**ئەڕێوەلا تاوانبارە**

ئەی ئەو تەلەبە نەگبەتەی سەعی بۆ بەکەلۆری دەکات ( بەفستقێك منالە مەسئولێك کورسیەکی دەگرێت ) ,ماڵی باوکی بەوێنەی تەعزێبار دانیشتوون , چوونکە خاوەن خانوەکە پێی وتون کە بڕۆن , ئەمانیش سەر تەنوریکیان بە سێ چوار وەرەقە دەست ناکەوێت , لەوەهمی ئەوەدا دەژین ئەو هەزارا هەزار خانوە تەواو بێت کەلەسەر داهاتی 986 دروست دەکراو دیاریش نیە . ئالەم کاتەدابوو کەکارەبا برا ,ڕۆی ئیتر تاسبەینێ چاومان بەچاوی گەشی نەکەوتەوە , بەلام ماڵی بەرپرسان لەسەر فیدەری دوون قەت نابرێت ,ئەگەر براش دوو دانە مولیدەی چەند کەیڤیمان هەیە ,منالە نازدارەکەشی لەباتی سەعی بکات بۆ بەکەلۆری سەیری ستار ئەکادیمی دەکات , چونکە دەزانێت کورسیەکەی ( محجوزە )

لەماڵی ئێمەش کێشمەکێشم لەسە خۆشتنە چوونکە ئاومان نیە ,ئاونەهاتۆتەوە ,ئەی دایە بەچی سەرم بشۆم ؟ چوزانم ڕۆڵە ! تۆ بڕۆ بەلای سەعیەکەتەوە , سەعی چی,بەبێ ئاو کارە وخانو ؟؟!!!

پانزە سالە بەئێمە دەڵێن کارەبانیە ,لەبەر ئەوەی باران کەم باریوە , هەموو حەلی ئەم ئیدارەیە ئەم دێڕەیە ,بۆمان دووپات دەکاتەوە ,هەتا ئێستا ئەم دوو دێڕە بەخەڵکی لەبەر نەکراوە ,بۆیە هەر بۆمان دووبارە دەکەنەوە تابەشکم لەبەری بکەین .ئیدارەیەك پانزەساڵە ئەمەچارە سەرەکەی بێت ,چاوەڕوانی چی لێدەکرێت , ؟؟

**ئەمانە هەمووی تاوانن**

لەسەر کار لابردن ,چیە؟ مانای چیە ؟ ئەگەر ئەو کەسەی لادەبرێت تاوان بارە ,بادادگای بکرێت ,سزا بدرێت ,لێی بپرسرێتەوە . ئەگەر نا کەسێك تاوانی لێبچوڕێت , لەهەموو شوێنێك ئیشی بڕوات , زۆر بەئاسانی بگەڕێت ؟ بڵێن بەڕێز وەڵا برپارماندا ئەگەر ڕەزامەندی بفەرموویت ,ئیشێکی باشترت بۆ بدۆزینەوە !! وەلەدەزگایەکی تردا بیکەنە بەڕێوەبە .ئائەمەیە دەسەلاتی کوردی ئەمەیە ئیفلاسی سیاسی ,ئیفلاسی ئیداری ,گەندەڵی ,مشەخۆری ودارزین ,بۆگەن کردنی کۆمەڵگا ..

هەموو ئەمانە تاوانن ,بەلام لەهەمووی تاوان بارتر ئەو هێزو کلتورەیە کەلە پشت قەڵەو کردن و بەخێو کردنی تاوان بارانەوەیە ,دەمێکە بیستومانە کە گوڵ لەبیابانادا ناڕوێت ,چوونکە هەلومەرجی بیابان لەبارنیە بۆ ڕوانی گوڵ !!.

**( مەهدی کامیل - نیا )**